# شەوی یەڵدای عیشقە

کاوەی خەسرەو کاوانی



ئەمشەو شەوی یەڵدای عیشقە

دەبا ئەم شەو بەیەك بگەین

دووربین لەخەم ,

ئەمشەو ناڵی دەست لە ملی حەبیبەیە

وەلیش سەری خستۆتە سەر کۆشەکەی شەم ,

ئەمشەو هەموو عاشقانی ئەم جیهانە

کۆنفراسی حەزو ئەوینیان سازداوە

ئەوا زینە ئاهەنگ دەگێڕێ لەگەڵ مەم

★ ★ ★

ئەمشەو لاسەشۆڕ و خەزاڵ

خەج و سیامەند ,شیرین فەرهاد

ئەسمەر مامەر , رۆمێۆ و ژۆلێت ,

جارێکی تر لە کۆنفراسی ئەوینا

خۆیان خستۆتە نێو لەپی

حەزێکی شێت .

★ ★ ★

هەتا زووە دەبا ئێمەش

پێش وەرینی پەڕەکانی گوڵی تەمەن

بەشدارین لەو کۆنفراسە ,

نیگاکان ئاڵوگۆڕکەین و

چەشنی دوو مۆمی ئاوێتە

لەباوەشی یەکتری دا بتوێینەوە و

تێکەڵی بکەین هەناسە .

KAWA_KIWINY@YAHOO.CO.UK